# ژانەری ڕیپۆرتاژ

د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین

# پێناسەی ڕێپۆرتاژ :

ئەتوانین پێناسەی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی بکەین بە (هونەرێکی ڕۆژنامەنووسیەوە کە زانیاری و ڕاو بۆچوونە لە بارەی کێشەیەکی کۆ دەکاتەوە بە مەبەستی دانانی چارەسەری گونجاو بۆی

(بریتی یە لە هونەرێکی تەواوکاریانەی ڕۆژنامەنووسی کە تیایدا گێڕانەوە و گفتوگۆ و لێدوان و گەڕانەوە بۆ ئەرشیف و گواستنەوە لە نێوان چەند کەسێک و چەند شوێنێکدا بەشداری دەبن و پێویستی بە توانسێکی نووسین و ئەزموون و گەڕان هەیە ، مەبەست لێی لێکۆڵنەوەیە لە بابەت یان ڕووداوێک لە هەموو ڕووەکانیەوە بە بەشداری پێکردنی هەموو ئەو کەس و شوێن و کات و زانیاری و ڕووداوانەی کە هەریەک لەلایەکەوە پەیوەندیان بە بابەت یان دۆز ڕووداوە بنەڕەتیەکانەوە هەیە)

هەندێکی تریش بەم جۆرە پێناسەی دەکەن:

ڕێپۆرتاژ هونەرێکە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە هەواڵ تیایدا تەواو دەبێت

ڕێپۆرتاژ : (ڕووداوێک ڕەهەنێکی نمایشکردن و وەسفکردنی هەبێت و بە زنجیرە مەیدانێکی وێنەدا وانەی وەک خۆ پیشاندانی سیاسی و پێشبرکێ ی وەرزشی ، مانۆری سەربازی هاوشێوەکانی ڕوودەدەن، هەواڵنێر کە ڕۆڵی بینەر و چاودێری هەیە لە بری ئەو هەموو خەڵکەی کە چانسی ئامادە بوونیان لەو پرۆسانەدا نییە، ئەوەی دەیبینێت بەشێوەیەکی ورد ڕا گوێز دەکات و ڕایدەگەیەنێت ، ئەم گواستنەوە ڕاگەیاندنە خودییە لە زاراوەی ڕۆژنامەوانیدا پێی دەوترێت ڕێپۆرتاژ.

## چەمکی ڕێپۆرتاژ . مێژووی سەرهەڵدانی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی-:

ڕێپۆرتاژ لە ڕووی زمانەوانەییەوە-:

ڕێپۆرتاژ وشەیەکی ئینگلیزییە لە فرمانی ئینگلیزی ڕۆژنامە نوسیەوە هاتووە بە مانای گواستنەوەی شتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، یان بەشێوەیەکی تر گەڕانەوەی شتەکان بۆ شوێنێکی ڕاستەقینەی خۆی.

مێژووی ڕێپۆرتاژ لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی (1900) ، لە نێو ناوی ئەوانەی کە مێژوونووسان بە پێشرەو و دامەزرێنەری هونەری ڕێپۆرتاژ ناوی دەبەن نووسەری ئەمریکی (ابتن سنكلر)ە کە لە کتێبی ((دارستانی جەنگەڵ (الغابە الموحشە)) ، بە تەواوی گرنگی دانی بە ڕێپۆرتاژ تیادا دیارە ، هەروەها ئەدیبی ئەمریکی (جۆن رید ) لە کتێبی (ئەو دە ڕۆژە کە جیهانی هەژاند) نموونەیەکی تری هونەری ڕێپۆرتاژە.

لە ڕۆژنامەنووسی فەرەنسیدا و نووسەر و ڕۆژنامەنووس (تمبلا زولا) وە هەروەها (البار لند) بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی هونەری ڕێپۆرتاژ دادەنرێت لە فەرنسا ،کە هەردوکیان هەستاون بە ئەنجامدانی ڕێپۆرتاژ لە جەنگی جیهانی یەکەمدا.

هەرچەندە ئەو هەوڵانە بەسەر تاکەکانی ڕێپۆرتاژ دادەنرێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوە کاتانەدا ڕێپۆرتاژ بە مانا فراوانەکەی ئێستای نەبووە، دواتر بەهۆی بڵاو بوونەوەی خوێنەواری و سەرهەڵدان و بیروڕا دیموکراسیەکان وەک گفتوگۆ کردن و دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچوونەکان، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بڵاو بوونەوە و پێشکەوتنی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی ، تا بووە بە یەکێک لە ژانەوە سەرەکی و گرنگەکانی باری ڕۆژنامەنووسی لە جیهاندا.

# مێژووی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا:

لەگەڵ دەرچون و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامە لە کوردستاندا ، ڕەچاوی لایەنی هونەری ڕۆژنامەنووسی کراوە .

ڕێپۆرتاژیش وەک یەکێک لە هونەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی جێ ی بایەخ و گرنگی بووە ڕۆژنامە کوردییەکاندا.

بۆ نموونە (تێگەیشتنی ڕاستی )یەکێک بووە لەو ڕۆژنامە کوردیانەی کە گرنگی بە ڕێپۆرتاژ داوە و هەوڵی داوە ئامادەکاری بکات و بڵاوی بکاتەوە .

بە بۆنەی تەواو بوونی جەنگەوە لە تێگەشتنی ڕاستی ژمارە (53) دا ڕێپۆرتاژێکی ڕێک و پێکی لەو بارەی ئاهەنگەکە بڵاو کردۆتەوە .

لە هەمان ژمارەدا ڕێپۆرتاژێکی تری لەو بارەی ئاهەنگی نەجەف بڵاوی کردۆتەوە زۆر گرنگی بەم بوارەدا بە ئامانجی ڕاکێشانی ڕای گشتی جەماوەری هاندانیان بۆ لایەنگری ئینگلیزەکان.

ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) لە ژمارەی (8) ی ساڵی (1992) دا ڕێپۆرتاژێکی بڵاو کردەوەتەوە کە بە دوور و درێژی باس لەسەردانەکەی (سمکۆ ئاغای شکاک) بۆ لای مەلیکی کوردستان (شێخ محمدی حەفید) دەکات. ئەم ڕێپۆرتاژە ئەگەر چی لە ساڵی (1992) دا نوسراوە لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکی تەواو لەسەر ئەو ڕووداوە بە خوێنەران دەدات.

لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە (8-9 ) کە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 26 ی مارتی (1925) دەرچووە، ڕێپۆرتاژێکی بە دوو بەش بڵاو کردۆتەوە بە ناونیشانی (زراعت کی مناعت) لە نووسینی (زێوەر)

هەم لەم بوارەدا دەتوانین چەندین نموونەی دی بێنینەوە .

لە ڕۆژنامەی (ژیان) ژمارە (12) ی (12) ی نیسانی 1926 دا ڕێپۆرتاژێکی ناونیشانی (کردنەوەی جەمعیەی زانستی کوردان) کە هەر چوار لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی گرتۆتەوە و بڵاو کردۆتەوە . ووتوێژی لەگەڵ دامەزرێنەرانی ئەم جەمعیە کردووە و بیروڕایان وەرگرتووە .

هەروەها لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ژمارە (156) ی (11) ی ڕەشەمێ 1922 بە هەمان شێوە ڕێپۆرتاژە هەواڵێکی بڵاو کردۆتەوە بەناونیشانی (امیش بۆ کمال).

کوردستان کە لە کوردستانی ئێران دەرچووە گرنگی یەکی بەرچاویان داوە بە ڕێپۆرتاژ بۆ نموونە لە ژمارەی (3) ی ساڵی 1946 لاپەڕە (4) ڕێپۆرتاژێک بە ناوی چەژنی کردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە کە باس لە کردنەوە و بەسەر کردنەوە و ڕۆژنامەکە دەکات لە کاتی حوکمڕانی کۆماری مهاباد لەلایەن (قازی محمد).

بە وەرگرتن و هێنانەوەی ئەو چەنج نمونەیەی سەرەوە دەتوانین ڕۆڵی ڕێپۆرتاژ لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا دیاری بکەین و ببینین ، بە یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسی کوردی دابنێین . کە لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە هەواڵ تیایدا کۆتایی دێت و تەواو دەبێت . بە دوای هۆی هەواڵ و ڕوودانی کێشەکەدا دەڕوات و لێی دەکۆڵێتەوە و هۆکارەکانی شی دەکاتەوە .

## جۆرکانی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی:

دابەش کردنی جۆرەکانی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی بە پێ ی پسپۆڕان و نووسەرانی بواری ڕۆژنامەنووسی دەگۆڕێت.

هەندێکیان دابەش کردنەکە بە پێی ئەو بابەتەی کە ڕێپۆرتاژەکە باسی لێوە دەکات و بەدواداچوونی بۆ دەکات . دابەش دەکەن کە گرنگترینیان ئەمانە:

1-ڕێپۆرتاژی ڕامیاری:- ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە باری ڕامیاریەوە هەیە وەک بابەتی ( گەندەڵی رامیاری ، ساختەکاری لە کاتی هەڵبژاردن ، باسی دەسەڵاتە سیاسیەکان لە وولاتدا وەک دەسەڵاتنی یاسا دانان و جێ بەجێ کردن...)

2-ڕێپۆرتاژی کێشە و ململانێ: کێشە ئاسایشییەکان دەگرێتە خۆ ئەوەی کە کاریگەری لەسەر وڵات و بەڕێوەبردن دەکات. وەک تیرۆر کردن و کاروباری تیرۆرستی ، و ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبنەوە لە کاتی گەشەسەندن و بڵاو بوونەوەی ئەو ڕووداوانە.

3-ڕێپۆرتاژی ئابووری : ئەو باسانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی هەیە بە باری ئابووری و دارایی و بازرگانی ، ئەو کێشە و زیانانەی کە تووشی گەورە کۆمپانیاکان دەبێتەوە لە ئاکامە قەیرانە ئابووری یەکان.

4-ڕێپۆرتاژی کۆمەلایەتی: ئەم جۆرەیان باس لە کێشە کۆمەلایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات ، پاش ئەوەی کە ئەو کێشەیە زۆر دووبارە دەبێتەوە و دەبێتە دیاردەیەک کە زیان بە لایەنی کۆمەلایەتی ناو کۆمەڵگا دەگەیەنێت و تاکەکانی کۆمەڵگا توشی زیان دەبن، وەک دیاردەی جیابوونەوەی دیاک و باوک کە زیانێکی زۆر لەسەر دەروونی منداڵەکان بەجێ دەهێڵێت.

5-ڕێپۆرتاژی ڕۆشنبیری : ئەم جۆرە ڕێپۆرتاژە لە پێناو تیشک خستنە سەر کێشەی ڕۆشنبیریەکان و نمایشکردنی چارەسەری گونجاو بۆیان ، بۆ نموونە لە زینی کاری ئەدەبی نووسەرێک لەلایەن کەسێکی تر بڵاو کردنەوەی بە ناوی خۆیەوە.

6-ڕێپۆرتاژی زانستی :- باس لە ڕووداوە زانستیەکان دەکات و ئەو شتانەی کە پەیوەندی پێوە هەیە و کاریگەری دەکاتە سەری بۆ نموونە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ نەخۆشی شەکرە کە ژمارەیەکی زۆر لە

خەڵکی بە دەستیەوە دەناڵێنن و ژیانیانی ئاڵۆز کردووە. ڕێپۆرتاژێک لەم بارەیەوە بەرچاو ڕونیان بۆ دەکات بێ ئەوەی ئەو چارەسەرە بەکاربهێنن و ڕێوڕەوی ژیانیان چاک بکانەوە.

7-ڕێپۆرتاژی هونەری:- لەو کێشانە دەکۆلێتەوە کە پەیوەندی هەیە بە بوارە هونەریەکانەوە وەک گۆرانی و شێوەکاری و مۆسیقا و سینەما بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، بۆ نموونە (لاوازی کاری سینەمایی).

8-ڕێپۆرتاژی وەرزشی :- ئەم جۆرەیان باسی کێشەکانی بواری وەرزش دەکات و کە لەناوەندە وەرزشیەکان ڕوو دەدات. وەک دیاردەی خراپ بوونی ئاستی تیپێک لە بواری وەرزشی یا بایەخ نەدان بە جۆرێکی دیاری کراو لە وەرزش.

هەندێکی تر لە شارەزایان بە پێی قەبارەکەی و بە دوادا چوون و لێکۆڵینەوەکانی کە بۆ ڕێپۆرتاژ کراوە دابەش دەکەن بەسەر دوو جۆردا:-

1-ڕێپۆرتاژی بچووک:- بەم جۆرەیاندا بەشێوەیەکی گشتی و بە ڕووکەشی ئەو زانیاری و فاکتەرانەی کە پەیوەندی یان هەیە بە کێشەکەوە ڕێپۆرتاژنوس کۆی دەکاتەوە و لە چوارچێوەی ڕێپۆرتاژێکی بچوکدا دەیخاتە ڕوو بە دوادا چون و لێکۆڵینەوەی ورد ناکات بۆ کێشەکە و تەنها کێشە دەخاتە ڕوو بێ ئەوەی کە بگاتە ئەنجام و چارەسەری کێشەکە بخاتە ڕوو.

2-ڕێپۆرتاژی گەورە:- لەم جۆرەیاندا کار کردنێک بەس نی یە بۆ ئامادەکرنی بابەتە سەرەتاییەکان و بەرهەم هێنانی ڕێپۆرتاژەکە ، ڕێپۆرتاژەکە پێویستی بە کارکردنی جۆراو جۆرە و بەدوادا چون و لێکۆڵینەوەیەکی ورد و قوڵی دەوێت ، ڕێپۆرتاژنووس چەندەها ڕێگا دەگرێتە بەر بۆ دەست خستنی زانیاری و فاکتەرەکان کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە ، ئەمەش بە مەبەست ئەنجامدانی ڕێپۆرتاژێکی بەهێز و جوان و هەموو لایەنە پەیوەندی دارەکانی کێشەکە دەخاتە ڕوو چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە.

## هەندێکی تریش جۆرەکانی ڕێپۆرتاژ بەم شێوازەی خوارەوە پۆلێن دەکات.

1-ڕێپۆرتاژی پێشینە:- ئەم ڕێپۆرتاژە ئامانجی سەرەکی هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی لێدوان لەسەر ڕووداوەکان و گەڕان بە دوای هۆکاری سەرهەڵدانی ڕووداوەکان و دیمەنەکانی پێش پەردەش بخاتە ڕوو لێکۆڵینەوەیان بۆ بکات وەک هەواڵێکی گرنگ و دور و درێژ ، نموونە کوشتنی سەرۆکی وڵاتێک یان لافاوێکی گەورە و وێرانکەر، ڕێپۆرتاژ نووسەکە لە هۆکارەکانی دروست بونیان دەکۆڵێتەوە .

2-ڕێپۆرتاژی دۆزینەوە و پشکنین :- ئەو ڕێپۆرتاژەیە کە تیایدا جەخت دەکاتە سەر بابەتێک لەو بابەتانەی کە بۆ ڕای گشتی بایەخدارە و هەموو ئەو وردەکاریانەی کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە کۆیان دەکاتەوە . پێشکەشی خوێنەری دەکات و ڕووناکی دەخاتە سەر هەردوو لایەنەکانی ، ئەم جۆرە ڕێپۆرتاژە بە یەکێک لە ئامرازە یاریدەدەرەکانی پێکهاتنی ڕای گشتی دادەنرێت.

3-ڕێپۆرتاژی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە:- واتە لێکۆڵینەوە لە بابەت یان ڕووداوێک لە هەموو ڕووداوەکانیەوە، بە بەشداری پێکردنی هەموو ئەو کەس و شوێن و کات و زانیاری و ڕووداوانەی کە هەریەک لە لایەک پەیوەندیان بە بابەت یان ڕۆژ یان ڕووداوە بنەڕەتی یەکەوە هەیە پێی دەوترێت ڕێپۆرتاژی لێکۆڵینەوە چونکە ڕێپۆرتاژ نووس تەنها تاوانبار ناهێنێت بەڵکو تاوانلێکراو شایەت و دادگا و پۆلیس و هەموو لایەنە پەیوەندی دارەکانی تر بە بابەتەکەوە دەهێنێت و زیرەکانە دەیخاتە خزمەت ڕایەڵەی سەرەکی بابەتەکەوە بەشێوەیەکی بابەتیانە بۆ نموونە (پارە خۆری بە هەندێ دەزگای دەوڵەت، خراپ بەکارهێنانی پایە......هتد)

4-ڕێپۆرتاژی پێشبینی :- ئەم جۆرە ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی ئامانجی یارمەتی خوێنەر تەنها لەوەدا کە بزانین ڕووداوەکە چۆن ڕوویداوە یان چی دەردش دەبێت لە ئەنجامی ، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە یارمەتی خوێنەر بدات لە زانینی چۆنیەتی گەشە کردنی ئەو ڕووداوە و کاریگەریەکانی لە داهاتوودا ، ڕێپۆرتاژنووس بە خوێنەران دەڵێت کە لە داهاتوودا چی ڕوو دەدات ، بۆ نموونە (چی ڕوو دەدات دوای بەرز بوونەوەی نرخی شتومەک و کاڵاکانلە بازاڕدا.)

5-ڕێپۆرتاژی پشوو:- لەم جۆرە ڕێپۆرتاژە لە ڕێ ی سەرنج ڕاکێشانی وەرگرە بۆ بابەتە هەمەڕەنگەکان لەسەر بنچینەی زانیاری و تەواو بۆ حەوانەوەی مێشک و دوور خستنەوەی وەرگر لە ژاوەژاوەکانی ژیانی ڕۆژانەی وەکە کات بەسەر بردن. نموونە هەواڵی ئەستێرەکانی سینەما و هونەر......هتد

# چەشنەکانی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی:

ئەو چەشنەیە کە ڕێپۆرتاژنووس هەڵیٚ دەبژێریٚ بۆ گەیاندنی ڕێپۆرتاژەکەی بە وەرگرا ئەوەش دابەش دەبێت بەسەر دوو چەشنی سەرەکی:

1-ڕێپۆرتاژی نووسراو (درێژە پێدراو)-:

ڕۆژنامەنووس ئەو کاتەی کە بە بەڵگە چاوپێکەوتنەکان پشت ئەستور دەبێت بەشێوەیەکی فراوان ڕاو بۆچوونی لایەنی جیاوازی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە دەخاتە ڕوو ، پاشان ئەو ڕاستیانەی کە دەستی کەوتووە دەخات ڕوو تا دەگاتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە.

2-ڕێپۆرتاژی وێنەی:- ڕۆژنامەنووس لێرەدا پشت بە وێنەی بایەخدار دەبەستێت کە لە بە دوادا چوون و لێکۆڵینەوەکانی دەستی کەوتووە . ڕۆژنامەنووس بایەخی و کاریگەری وێنەکانی بەلاوە لە پێشترە وەک لە ووتە و نووسین بۆ بابەتەکە .لەگەڵ لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار لەبەر زۆر گرنگی بابەتەکە ڕۆژنامەنووسەکە ووتە و لێدوان لەلایەنی پەیوەندی داری کێشەکە وەردەگرێت و دەیخاتە خزمەتی وێنەکە.

## جیاوازی ڕیپۆرتاژی لەگەڵ ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی-:

ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی هەندێک جار بەهۆی ناشارەزایی یان نەزانینی ئەو کەسەی کە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ، تێکەڵاویەک یان جیاوازی نەکردن لە نێوان ڕیپۆرتاژ و هەندێک ژانەری تر دا ڕوودەدات و لێرەدا گرنگترین ئەو ژانەدانە و جیاوازییەکانی لەگەڵ ڕیپۆرتاژدا دەخەینە ڕوو:

ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی بریتی یە: لە کۆ کردنەوەی کۆمەڵێک ڕاستی لەسەر ڕووداوێک یان بابەتێک بێ ئەوەی ڕۆژنامەنووسەکە پێ لەسەر ڕای خۆی دابگرێت تیایدا، بە گشتی لە ڕاپۆرتێکدا پەیوەندی لە نێوان بەندی فاکت و زانیارییەکاندا دەدۆزێتەوە .کە لەسەرەتای ڕووداوێکدا وا دەردەکەون کە پەیوەندییان نەبێت بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی گەورە لە پەیکەری ڕووداوەکە پێکدەهێنێت.

1-ڕاپۆرت لە بارەی هەواڵێکی گەرم یان کێشەیەکی گەورە دەنوسرێت، بەڵام ڕیپۆرتاژ لە بارەی فکرەیەک یان گیروگرفتێک دەنووسرێ

2-ڕاپۆرت بە درێژی لە بارەی وردەکارییەکانی هەواڵ یان کێشەکە دەنووسی بەڵام ڕیپۆرتاژ سەرباری ئەوە بایەخ بە دۆزینەوە یان پێشنیاری چارەسەری گونجاوی هەوڵ یان کێشەکە دەخاتە ڕوو.

3-ڕاپۆرت لەوانەیە هەر یەک وێنەی تێدا بێت . بەڵام لە ڕیپۆرتاژدا چەندین وێنە پێویستن ، لەوانە وێنەی ئەو کەسەنەی کە لە ڕیپۆرتاژەکەدا ناویان هاتووە.

4-ڕاپۆرت بە یەکێک لە تالیبەکانی نووسینەوەی هەواڵ دەنوسرێت لە کاتێکدا ڕیپۆرتاژ قاڵب و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ داڕشتنەوە و نووسینەوەی

5-ڕاپۆرت بە پشت بەستن بەو سەرچاوانەی کە لە بەرداستدان یان هەر بە سەردانێک شوێنی ڕووداوەکە دەکرێت هەر لە بارەگای ڕۆژنامەکەدا بنوسرێت لە کاتێکدا ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووس پێویستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە هەیە و ڕۆژنامەنووس بە چەند قۆناغێک دەتوانێت ڕیپۆرتاژێک ئامادە بکات.

6-لە ڕاپۆرتی گەرماو گەرمی هەواڵ یان کێشەکە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی بەڵان سەرکەوتنی ڕیپۆرتاژ بەندە بەوەی کە تا چەند بەلای خوێنەرەوە گرنگ بووە بایەخی پێدراوە.

7-ڕاپۆرت بە پشت بەستن بەزۆر سەرەچاوەی جیاواز و جیاجیا دەنوسرێت وەک هەواڵ و ئاژانسەکانی هەواڵ بەياننامەی حکومەت و دەستە جیاوازەکان کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکان و تۆڕی پەیامنێران ، لە کاتێکدا ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامە نوسێک یان زیاتر بەشدار دەبن لە ئامادەکردن و نوسینی ڕێپۆرتاژێکدا

# بنەما و پرەنسیپەکان کە ئەنجامدانی هەر ڕیپۆرتاژێک دیاری دەکەن:

1-کەناڵی ڕاگەیاندنەکە: ئەو کەناڵی ڕاگەیاندنەی کە ڕیپۆرتاژەکەی بۆ ئامادە دەکرێت ، هەر کەناڵە و سیستەم و سیاسەتی تایبەت بە خۆی هەیە کە بەرنامە و بابەتەکانی ئەو کەناڵە بە پێی ئەو سیاسەدا دەڕێژێت، ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە کەناڵەکە گرنگی پێ دەدات دەگۆڕێت.

2-ئەرکی گێرانەوە: تەنها بینین و چاودێری پرۆسەکە یان ڕووداوەکە لە بری خوێنەر بەس نی یە ، بەڵکو ڕیپۆرتاژنووس لە ڕاستیدا وەک مۆنتاژی ئەو وێنانەیە کە لە باشترین کاتدا گیراون و خاکی تەواوەتیانەی ڕووداوەکەی تیادا ڕەنگ دەداتەوە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسی دەبێ ئەوەش باس بکەین کە ڕیپۆرتاژ ناتوانێ هەمیشە وەک ئامێرێک هەموو شتەکان تۆمار بکات. بۆیە زۆرجار دەتوانێ سوود لە توانای خەیاڵ و فەنتازیای خۆی وەربگرێ ، بۆ ئەوەی ئەو بابەتەی کە وەک ڕیپۆرتاژ ئامادەی کردووە وا لێبکات بۆ هەزاران خوێنەر کە هەر یەکەیان زەوق و سەلیقەیان جیایە ، بشێت.

3-کاریگەری و بیروڕای کەسایەتی ڕۆژنامەنووس: دەکرێت بڵێین ڕیپۆرتاژنووس ئەرکی سەرشانیەتی لە کاتی نوسینی ڕیپۆرتاژەکەیدا سەرنجێکی تەواو لە جوڵە و ڕەنگدانەوەی ڕیپۆرتاژەکەی خۆی بدات ، ڕەچاو کردنی ڕەگەزی بێلایەنی لە میالەیەوە ناتوانرێ بە تەواوەتی بە ڕاست دابنرێ ، لە بەرئەوەی ڕیپۆرتاژنووس لە ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژەکەیدا بە گشت گۆشەنیگای خۆیەوە بە پێی چێژوو سەلیقەی خودیەوە دەس نیشانی دەکات . بەڵام سەرئەنجام هێزی پەیوردن و تێگەیشتنی ڕیپۆرتاژنووس لە هەمووان گرنگترە

## ڕۆژنامەنووس بە سێ جۆر دەتوانێت لەسەر ڕووداوەکان بنوسێت.

1-بە چاکە هەڵسەنگاندن

2-بە خراپ هەڵسەنگاندن

3-بێلایەن.

4-جۆری ڕێپۆرتاژەکە ، سیاسی ،کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، ڕۆشنبیری ...هتد

5-لەبەر چاو گرتنی خواستی خوێنەران : بۆ ئەوەی ڕێپۆرتاژەکە بە دڵی خوێنەران بێت ، دەبێت ڕێپۆرتاژنووس خۆی لە جێگەی ئەوان دابنێت ، لە ڕێی ڕاو بۆچوونی ئەوانەی سەیری ڕووداوەکان و بابەتەکان بکات بەواتایەکی تر دەبێت ڕێپۆرتاژنووس تا لە توانایدایە ئەو بابەتانە هەڵبژێرێت کە لەو کاتەدا خوێنەر بۆی دەگەڕێت و زانیاری زیاتر دەوێت لەسەری تا لەو ڕێگایەوە بتوانێت سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت لەلایەکەوە دەتوانێت خزمەت بە ئامانجی کارەکەی خۆی بکات و لەلایەکی تریشەوە خزمەت بە خوێنەران بکات.

# هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی-:

1-دیاری کردنی بیرۆکە÷ یەکەم هەنگاو لە ئامادەکردنی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی دیاری کردنی بیرۆکەیان بابەتی سەرەکی ڕێپۆرتاژەکەیە.

هەڵبژاردن و دەستنیشان کردنی بیرۆکە هەروا ئاسان نی یە ڕێپۆرتاژنووس دەبێت زۆر بە ووردی بە ئاگای بەوە بیرۆکەکە هەڵبژێرێت . تاوەکو لەو ڕێگەوە بتوانێت سەرنجی خوێنەر بەلای ڕاکێشێت و ڕاو بۆچوونیان بۆ دروست ببێت لەسەر باباتەکە ، کە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە هێنانە دی ئامانجی ڕێپۆرتاژەکە.

زۆرێک لە شارەزایانی بواری ڕۆژنامەنووسی بەوە ئامۆژگاری ڕێپۆرتاژ نووسەکان دەکەن کە لە کاتی دیاری کردنی بیرۆکەکەیاندا وا باشترە پشت بە چەند فاکتەرێک ببەستن وەک نزیکی کات و شوێن  هەروەها ئاستی کاریگەری و رەگەزەکانی سەرنج ڕاکێشان و ناوبانگیش کەوا باشترە لە بیرۆکەکەدا هەبن.(

2-ئامانج : هەموو ڕێپۆرتاژنووسێک لە کات دیاریکردنی بیرۆکە و هەڵبژاردنی بابەتدا . ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە دەیەوێت لە ڕێگای ئەو ڕێپۆرتاژەوە خزمەت بە ئامانجەکەی بکات و کاربکاتە سەر ڕای خوێنەران و ئەو کەس و لایەنانەی کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە و ئاگاداریان بکاتەوە هەر لەسەر بنەمای ئامانجی ڕێپۆرتاژ نووس پلانی ڕێپۆرتاژەکە. دادەنرێت.

3-کۆکردنەوەی زانیاری و فاکت و دەرخسنەکان لەسەر بابەتەکە : ڕۆژنامەنووس دەبێت باکگراوندێکی لەسەر بابەتەکە هەبێت لەسەر ڕۆشنای ئەو زانیارییانە بە دوای زانیاری و شتی زیاتر دا بگەڕێت کە پەیوەندیان هەیە بە بابەتەکەوە و خزمەت بە چڕ کردن و بەهێزکردنی بابەتەکە دەکەن.

بۆ دەستکەوتنی ئەو زانیاریانەش ڕێپۆرتاژ نووس دوو شوێن هەیە ڕووی تێدەکات تا سوودی لێوەربگرێت.

أ-ئەرشیفی ڕۆژنامە.ڕێپۆرتاژ نووس دەبێت بگەڕێتەوە سەر ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاو کراوەکان و ئەو بابەتانە کۆ بکاتەوە کە پێشتر لەسەرئەو بابەتە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە و هەروەها ئەو توێژینەوە و بەڵگەنامە و ئامارانەش دەست دەکەوێت کە پێشتر سەر بابەتەکە ئامادە کراون.

ب-کتێبخانە: ئامادەکردنی ڕێپۆرتاژ دەبێت بە دوای ئەو کتێب و نامیلکانە دا بگەڕێت کە لە کتێبخانەکاندا و پەیوەندییان بە بابەت هەڵبژاردراوەکەی ئەوەوە هەیە

4-جێ بەجێ کردنی ڕێپۆرتاژ: مەبەست لە جێ بەجێ کردن ئەو هەنگاوانەیە کە ڕێپۆرتاژنووس دەیگرێتە بەر بۆ بە دەست هێنانی زانیاری تازە لەسەر بابەتەکە.

ئەوە زانیاریانەش لەلای ئەو کەسانە دەستدەکەون کە پەیوەندییەکە ڕاستەو خۆیان هەیە بە بابەتەکەوە و بۆ ئەمەش چەند هەنگاوێک گرنگە وەک:

أ-دەستنیشان کردنی کەس و لایەنە پەیوەندی دارەکان کە زانیاریەکانیان لەلا هەیە.

ب-پەیوەندی کردن بە کەسەکان و دەست نیشان کردنی کات و شوێن بۆ ئەنجامدانی چاو پێکەوتن ، چونکە لە ڕێی چاوپێکەوتنەوە دەتوانرێت زانیاری یەکانیان لێوەربگرێت.

5-نووسینەوە و سازدانی ڕێپۆرتاژەکە: دوا قۆناغی ئامادەکردنی ڕێپۆرتاژە، ڕێپۆرتاژنووس پاش کۆکردنەوەی فاکت و زانیاریەکان و دەستنیشان کردنی وێنە گونجاوەکان، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ئەو هەنگاوە.

ڕێپۆرتاژنووس دەبێت (بیرکردنەوە لە شێوازێکی بە پێز و سەرنج ڕاکێش بۆ داڕشتنی ووتە و ڕاستەیەکان). بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر ئەو قاڵب و شێوازانەی کە بۆ نووسینەوەی ڕێپۆرتاژ دیاری کراون . دبێت ڕێپۆرتاژنووس دەبێ ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی ڕێپۆرتاژەکەی دیاری بکات . چونکە خۆی دەزانێت کە دەستەواژەیەک گرنگە بۆ ئەو بابەتەی کە خۆی ئامادەی کردووە.

بە کورتی ڕێپۆرتاژنووس دەبێت لە بنکەی ڕووداوەکەوە دەست پێ بکات و ڕووپێوی ڕووداوەکە بکات . ڕێپۆرتاژنووس لە شتێکەوە دەست پێ دەکات کە هەموو کەسێک ئامادەبە قسەی لەسەر بکات. واتا زانیاریە گشتی یەکان پاشان وێنە دێتە سەر بابەتە تایبەتی یەکان.

بۆ نموونە ڕێپۆرتاژنووس دەیەوێت لەسەر کوشتنی ژنان ڕێپۆرتاژێک ئامادە بکات. بۆ ئەم مەبەستە لەسەرەتادا باسی توند و تیژی دەکات بە گشتی و پرسەکانی لەسەر ئەوە دەبێت ، پاشان دێتە سەر باسی تۆقاندن کە دەبێت بۆ دەستکەوتنی وەڵامی پرسەکانی ڕووبکاتە کەسانی شارەزایە بوارەدا وەک (دەروونناس ، کۆمەڵناس ، ملازمی ئاسایش....هتد) پاشان ڕێپۆرتاژنوس هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی جۆری تۆقاندن دوای ئەوەش نیە سەر باسی کوشتنی ژنان کە ئەمەش بۆ خۆی ناوەڕۆکی ڕووداوەکەیە وەڵامی (بۆچی؟) بابەتەکەیە.

# هونەری (ڕیپۆرتاژ نووسین):

ڕیپۆرتاژ هونەرێکی بەرچاوە لە کاری ڕۆژنامەدا ڕیپۆرتاژ گرنگترین و قورسترین ژانەی ڕۆژنامەنووسی یە کۆکراوە (هەواڵ ، وتار ، ڕاپۆرت ، گفتزگۆ ، بەدوادا چوون....هتد)ە بە ئاست و ڕێژەی جیاجیا تێکەڵ دەبن و کار لەسەر لایەنێکی ، بابەتەکە دەکەن، ئەگەر بابەتبانە ئەنجام بدرێت ئەوا ڕۆژنامەنووس کەمترین کێشەی یاسایی تووش دەبێت ، هەروەها زۆرترین خوێنەر بۆ ڕۆژنامەکە پەیدا دەکات.

ڕیپۆرتاژ گەڕانە بە دوای شتەکان، گەڕانەوە بە دوای ئەو پرسیار و وەڵامانەی کە وەڵام نەدراوەتەوە ، یان هێشتا تەم و مژاوییەیان یان خوێنەر هێشتا باوەڕی بە شتەکانە هێنانەوە.

ڕیپۆرتاژ ئەو هونەرە بەهێزەیە کە دەتوانێت سیستەمی دەسەڵات بگۆڕێت بێ پەنا بردنەبەر توندو تیژی و بەکارهێنانی هێز، لێرەشدا گرنگی ڕیپۆرتاژ دەردەکەوێت کە دەتوانێت کار بکاتە سەر ڕای گشتی و کەسانی بڕیاردەر ، ئەمەش هەمووی لە ڕێی ڕۆژنامەنووسی بوێر و ئازادوە دێتە بون کە ئامادەیە بۆ گەڕانی ڕاستیمان و بەو جۆرەی کە هەیە و ژیان دەکاتە بە بەریدا و زۆر گرنگە ڕیپۆرتاژنووس ڕەچاوی بابەتی بوونی بابەتەکەی بکات و لە ڕاستیدا ڕۆژنامە نووس وەک هونەرمەندێکە دەبێت لە ڕێگەی خەیاڵ و بۆچوونەکانیەوە بینین و ویستەکانی خۆی وەک دیمەنیکی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی سەر لەنوێ زیند و بکاتەوە کارکتەرەکانی بهێنە جووڵە. جگە لەوە دەتوانین بە ڕۆژنامەنووس بڵێین هونەرمەندە، ئەوا هونەرەکەی لەگەڵ هونەری ڕۆمان نوسێک یان وێنەکێشێک کە هەوڵ دەدات دەست و پەنجەی خۆی بەسەر بابەتێکەوە دیار بێ و بۆچونی تایبەتی لەسەرهەبێت و جیاوازە.

چەند ڕێگەیەکی هونەری بەکار دێت بۆ نووسینی ڕیپۆرتاژ لەوانە-:

1-شێوەی چیرۆکی-: ڕیپۆرتاژنووس بەشێوەیەکی ئاڵۆز دەست پێ دەکات و یەکسەر بە خوێنەر ناڵێت کە باسی چی دەکات و بەڵکو سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت بەجۆرێک تا دەگاتە کۆتایی و ئەنجامی ڕیپۆرتاژەکەی پێ دەڵێت.

2-شێوەی ململانێ-: ڕیپۆرتاژنووس بەشێوەی دژو ململانێ زانیاری و فاکتەرەکان دەخاتە ڕوو ، کە ئەمەش ((دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ڕیپۆرتاژەکە.

3-شێوەی وەسفی:- ڕێپۆرتاژنووس هەڵدەستێت بە  وەسفکردنی هەموو ئەو زانیاری فاکتانەی کە دەستی کەوتووە لەگەڵ وەسفێکی تەواوی هۆکاری ڕووداوەکە و ئەنجامەکانی کە لەو ڕووداوەوە سەرهەڵدەدەن.

4-شێوەی دان پێدانان:- ڕێپۆرتاژ نووس هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی ڕووداو هۆکار و ئەنجامی ڕووداوەکە لەسەر زاری کەسانی پەیوەندی دار بە ڕووداوەکەوە بە ڕاستگۆی.

5-شێوەی پرسیار و وەڵام :- ڕێپۆرتاژنووس هەڵدەستێت بە نووسینی یەکە بە یەکەی پرسیارەکان و وەڵامی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام داون بۆ دەستکەوتنی وەڵامەکان .

# بەشەکانی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی

ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی لەناونیشان و پێشەکی و ناوەڕۆک و کۆتایی پێک دێت، ئەمانەش هەر یەکە بۆخۆیان بە پێ ی ئەو جۆرە نووسین و داڕشتنەی کە ڕێپۆرتاژنووس پێ دەنووسێت کە دابەش دەبن بەسەر چەند جۆرێکدا :

## بەشەکانی ڕێپۆرتاژ-:

یەکەم : ناونیشانی ڕێپۆرتاژ:

)ناونیشانی یەکەمین ڕەگەزی سەرنج ڕاکێش ، هەر وەک چۆن لە تەواوی کارەکانی ڕۆژنامەنووسیشدا بە هەمان شێوەیە ، بۆیە دەبێت ناونیشان بەهێز و گوزارشتکەر بێت لەسەر زمان

نانیشانی ڕێپۆرتاژیش چەند جۆرێکی هەیە گرنگترین ئەو جۆران :

ا-نانیشانی وەسف ئامێز: ئەم جۆرەیان سروشت و واقعی بابەتەکە لە ڕێ ی وەسفەوە پشان دەدات تا بابەتەکە لەلای خوێنەر سادە و ئاسان بێت.

ب-نانیشانی هەڵبژاردە: واتا هەڵبژاردنی فکرەی سەرەکی بابەتەکە، کە خەسڵەتی سەرنج ڕاکێشانی تێدایە ، سوک و ئاسانە.

ت-ناونیشانی وەرگیراو: ڕێپۆرتاژنووس قسەی یەکێک بە و کەسانەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردون بۆ ئامادەکردنی ڕێپۆرتاژەکە دەکات بە ناونیشانی سەرەکی بابەتەکە و یان قەیەکی نەستەق کە پەیوەندی هەبێت بە بابەتەکەوە دەکات ناونیشانی بابەتەکە ، بۆ ئەم مەبەستەش ناونیشانەکە دەخاتە نێوان دوو کەوانەوە و لە گەڵیدا پەراوێزی بۆ دادەنێت وەک) (

پ-ناونیشانی پرسیار ئامێز: ڕێپۆرتاژنووس گرنگترین و سەرنجڕاکێشترین پرسیاری بابەتەکەی دەکات بە ناونیشان بە مەبەستی سەرنج راکێشانی خوێنەر بەلای بابەتەکە هەتاوەکو بەدوای ئەو پرسیارە بڕوات.

ج-ناونیشانی دژ: لەم جۆرە ناونیشانەدا ڕێپۆرتاژنووس دوو ڕستە یان دوو ووشەی دژ بە یەک بەکار دەهێنێت وەک (نا بۆ شەڕ بەڵێ بۆ ئاشتی)

ح-ناونیشانی ڕوونکردنەوە:- بە ڕاشکاوی باس لە دیاردەیەک دەکات کە ڕیپۆرتاژەکەی لەسەر ئامادەکراوە، بە مەبەستی بەرچاو ڕوونی وەرگر و ڕاکێشانی سەرەکی چونکە ئەم جۆرە ناونیشانە زیاتر بۆ ئەو بابەتانەیە کە تازە و گەرماو گەرم وەک (گەندەڵی لە وەزارەتی ....هتد بڵاو بۆتەوە).

خ-ناونیشانی ڕاستەوخۆ :- ناونیشانێکی ڕوون و ئاشکرایە لە ڕستەیەکی کورت و پوخت پێکهاتووە بابەتی ڕیپۆرتاژەکەی تێدا کۆ دەبێتەوە ، مەبەست لێ ی ئەوە کە خوێنەر ناونیشانەکەی خوێندەوە بزانێت باس لە چی بابەتێک دەکات.

د-ناونیشانی هەواڵی:- ئەم جۆرە لە ناونیشانە وەک هەواڵ دادەڕێژرێت لەبەر گرنگی بابەتەکە کە ڕیپۆرتاژنووس بۆ مەبەستیی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە ناونیشانە.

دووەم : ( پێشەکی ) ڕیپۆرتاژ:

لە دوای ناونیشان پێشەکی دەست پێ دەکات ، بەشێوەیەکە ، کورت و ڕوون بیرۆکەی بابەتەکە دەخاتە بەردەست خوێنەر، پێشەکی خوێنەر دەخاتە نێو کرۆکی بابەتەکەوە.

نووسینی پێشەکی چەند جۆرێکی هەیە لەوانە-:

أ-پێشەکی هەواڵی :- لێرەدا ڕیپۆرتاژنووس بەو زانیاریانە دست پێ دەکات کە دەستی کەوتووە بەسەر بابەتەکە وەکە (ژمارە ، ئامار ، ناو .....هتد)

ب-پێشەکی وەسف ئامێز: ئەم جۆرەیان بە وەسفکردنێکی کورت و گشتی بابەتەکە دەست پێ دەکات زیاتر لایەنە مرۆییەکانی بابەتەکە دەخاتە ڕوو.

ت-پێشەکی چیرۆکی: ڕیپۆرتاژنووس بەشێوەیەکی ئەدەبی وەک چیرۆک پێشەکیەکەی دادەڕێژێت بە مەبەستی جوڵاندنی هەست و سۆزی خوێنەر.

پ-پێشەکی گاڵتە ئامێز:- ئەم جۆرەیان زیاتر لە ڕیپۆرتاژە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاردێت.

ج-پێشەکی وەرگیراو :- ڕیپۆرتاژنووس بەقسەی یەکێک لە کەسەکان دەست پێدەکات.

ح-پێشەکی کورتکراوە:- ڕێپۆرتاژنووس کورتەی هەموو ئەو زانیاری و ئەنجام و چارەسەری دەست کەوتووە دەخاتە ڕوو.

خ-پێشەکی پرسیار ئامێز:- ئەم جۆرەیان بە چەند پرسیارێک دەست پێ دەکات.

د-پێشەکی وروژێنەر:- ڕێپۆرتاژنووس سەرنج ڕاکێشترین و وروژێنەرترین (قسە ، زانیاری ، دانا.....هتد) دەکاتە پێشەکی.

سێ یەم : ناوەڕۆک (جەستەی ) ڕێپۆرتاژ:

لەم بەشەدا ڕێپۆرتاژنوس هەموو ئەو بەشانەی لەسەر ڕێپۆرتاژەکە دەست دەکەوێت دیخاتە ڕوو، وەڵامی هەموو پرسیارە ووروژێنەرەکان دەداتەوە ، وەسفی هەموو لایەنەکانی بابەتەکە دەکات، هەموو ئەو چاوپێکەوتن و زانیاری و هێڵکاریانەی دەستی کەوتووە نیشان دەدات ، دەتوانین بە دڵی ڕێپۆرتاژ ناوی بەرین ، چونکە هەموو وردەکارییەکانی بابەتەکەی تێدا کۆ دەبێتەوە ، خوێنەر لە ڕێی ناوەڕکەوە لە بابەت و کێشەکە دەگات و دەزانێت هۆکاری ڕوودانی ئەو کێشەیە یان ڕووداوە چییە.

چوارەم: کۆتایی ڕێپۆرتاژ:

لەم بەشەدا ڕێپۆرتاژنووس بەشێوەیەکی کورت و پوخت و بە چەند دێرێک کۆتایی ڕێپۆرتاژەکەی دادەڕێژێت تیادا هەموو ئەو ئەنجام و چارەسەرانەی کە بۆ کێشەکە دەستی کەوتووە نیشان دەدات.

هەندێ جار ڕێپۆرتاژنووس بیر و بۆچوون و ڕای خۆی دەربارەی بابەتەکە لە کۆتایدا دەداتە ڕو هەندێک لە شارەزایان و بواری ڕۆژنامەنووسی ئەمەیان پێ هەڵەیە چونکە ئەوان دەڵێت ڕۆژنامەنووس دەتوانێت لە ڕێی ووتاریان شوێن یان بیرو بۆچون و ڕای خۆی دەربارەی ئەو بابەتە دەرببڕێت (نەک لە ڕێی ی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی)

## 3-5 شێوازەکانی نوسینی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەیی-:

مەبەست لە شێوازەکان ئەو قاڵبانەن کە ڕێپۆرتاژنووس لە کاتی نووسینەوەی ڕێپۆرتاژەکەیدا بەکاری دەهێنێت تاوەکو زانیاری و توانا و فاکتەرەکانی پێ دابڕێژرێتەوە بە جۆرێک کە خزمەت بە بابەتەکە بکەن ، گرنگترین ئەو شێوازانە -:

یەکەم : شێوازی هەرەمی ڕێک ( چیرۆک)

)بەزۆری قاڵی هەرەمی ڕێک بەکاردێت ، کە بەباشترین شێواز دادەنرێت (

ئەم شێوازە لە چیرۆک دەچێت ، ڕۆژنامەنووس باسێکی وردی ڕووداوەکان لێکەوتەکان دەکات، تا دەگاتە کۆتاییی و ئەنجامێکی گونجاوی دەسکەوێت.

ڕێپۆرتاژنووس پێشەکی ڕێپۆرتاژەکەی لە شێوەی چیرۆکدا دەخاتە ڕوو واتە کرۆکی کارەکەی دەخاتە ڕوو ، بەو مەرجەی کە سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی تری ڕێپۆرتاژەکە.

لەم حاڵەتەدا چەند شێوازێکی تر دێنە بوون لەوانە-:

أ- ڕێپۆرتاژنووس لە گۆشەیەکی سەرەکیەوە جەخت لەسەر لایەنێکی بابەتی ڕێپۆرتاژەکە بکاتەوە . دواتریش دەبێت لە جەستەدا لایەنەکانی تری ڕێپۆرتاژەکەی بخاتە ڕوو . لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی کە دەستی کەوتوون دەخاتە بەردەست خوێنەران.

دووەم : شێوازی چوارچێوەی هەرەمی سەرەو ژێ کراو-:ئەم شێوازی نووسینە کەمتر بەکار دێت تەنها بۆ ئەو حاڵەتانە نەبێت کە خوێنەر دەزانێت سەرچاوەی کێشەکە چی یە و چۆن سەری هەڵداوە.

ڕێپۆرتاژنووس پێشەکی بابەتەکەی بە کورتەی ئەو دەرەنجام و چارەسەرانە دەست پێ دەکات کە لە ئەنجامی کورتی ئەو ڕێپۆرتاژەوە دەستی کەوتووە پاشان دێتە سەر جەستە و ئەو زانیاری و فاکتەرانەی کە لەسەر بابەتەکە کۆی کردۆتەوە نیشان دەدات دووبارە لە کۆتاییدا دەرەنجام و چارەسەرەکانی بە دوور و درێژی باس دەکات و دەریخاتە بەردەم خوێنەر.

سێیەم : شێوازی ووروژاندنی پرسیار-:

لە پێشەکیدا ڕێپۆرتاژنوس لە پیشاندانی پرسیارەکانی کە لەسەر بابەتەکە دروست بوون دەست پێ دەکات پاشان لە جەستەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لە ڕێ ی فاکت و زانیاریەکان و چاوپێکەوتنەکانەوە دەستی کەوتووە لە کۆتاییشدا پوختەی ئەنجام و چارەسەر نیشان دەدات